# ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە گۆڕانکاریی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان

**یەحیا عومەر ڕێشاوی**

زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، کۆلێجی کارگێڕی تەکنیکی، بەشی تەکنیکی مێدیا

**پوختەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە باس لەو پەیوەندیە دەکات کە لە نێوان هەریەك لە کایەی سیاسیی و کایەی میدیاییدا هەیە، بەتایبەت ڕۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر گۆرانکاریە سیاسییەکانی ئەم دواییانەی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی شرۆڤەی تیۆریانەی پەیوەندی نێوان هەریەك لە کایەی میدیایی و کایەی سیاسی و بە ئاراستە کردنی کۆمەڵێك پرسیاری تایبەت بەم بابەتە لە دەستەبژێرێکی ئەکادیمیی و پسپۆرانی بواری میدیا لە هەردوو زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی و زانکۆی سلێمانی لە هەرێمی کوردستان، لە کۆتاییدا توێژینەوەکە گەشتۆتە چەند دەرەنجامێك لەوانە: بەشداربوانی راپرسیەکە پێیان وایە کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ژینگەیەکی لەبارە بۆ بڵاوکردنەوەی نارەزایەتی لە دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لە لایەکی دیکەوە پێیان وایە کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە سەکۆیەك بۆ نانەوەی دوبەرەکی و پشێوی سیاسیی لە هەرێمی کورستاندا، هەروەها بەشێکی زۆر لە بەرتوێژان و بەشدارانی راپرسیەکە پێیان وایە کە بەهۆی فەزای تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە، هانی توندوتیژی درا و چەند بارەگایەکی حزبیی و حکومیی لە هەرێمی کوردستاندا سوتێنران، لەلایەکی دیکەوە زیاد لە نیوەی بەرتوێژان، پێیان وایە کە سەرکردە ئاینییەکان لە هەرێمی کوردستاندا کاریگەریان زیاترە لەسەر خەڵك لە فەزای تۆرە کۆمەڵایەتییەکان.

ABSTRACT

This study deals with the relationship between the political field and the media field especially the role of the social media platforms on the political transformation recently in Kurdistan region of Iraq. This is done through a scientific and theoretical study about the controversial relationship between both politic and media and by directing a group of questions concerning this subject to the media experts and socialists in both of Sulaymaniyah and Polytechnic University of Sulaymaniyah. Finally the researcher reaches a group of results, of which: most of the sample members see that the social media platforms is a suitable environment to express and oppose the authority in the Kurdistan region but it is also see that the social media platforms causes stirring up strife and chaos in the region and they also see that it encourages violence which leads to burning party headquarters and governmental institutes in the Kurdistan region of Iraq. On the other hand, most of the sample people see that the role of the religious leaders is stronger than the role of the social media on the community in the Kurdistan region of Iraq.



http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp97-114

## پێشەکی

کایەی میدیایی کاریگەریەکی گەورەی لەسەر سەرجەم بوارەکانی ژیان هەیە، لە میانەی ئەو کاریگەریی و پەیوەندیانەشدا، کاریگەریی و پەیوەندی نێوان میدیا و سیاسەت پانتاییەکی بەرفراوانی لە ئەدەبیات و نووسینی زانستیی هەردوو بواری میدیا و سیاسەت داگیر کردووە، کاریگەریی میدیا لەسەر سیاسەت و سیاسەت لەسەر میدیا چەندین دید و تیۆر و تێروانینی جیاوازی لێ لەدایك بووە، لە زەمینەی واقیعیشدا هەمیشە ئەم دوو بوارە پێکەوە گرێدراون و لە کوێ میدیا هەبوو بێت سیاسەتێك جوڵاندویەتی و ئاراستەی کردووە و رەنگی خۆی بەبەردا کردووە و هەروەها لە کوێ سیاسەت هەبووبێت جولێنەرێکی میدیایی ئامادەیی هەبووە و پاڵپشتی کردووە یان دژی وەستاوە.

لە رۆژگاری ئەمرۆشماندا (تۆرە کۆمەڵایەتییەکان) پێگەیەکی بەهێز لە کایەی میدیاییدا داگیر دەکەن – بەتایبەت لە سەردەمی گەشەکردنی تەکنەلۆجیای میدیای نوێ و میدیای نوێدا- و لە زۆربەی سێکتەرە کۆمەڵایەتی و ئابوریی و ئاینیی و سیاسییەکاندا رۆڵێکی کاریگەر دەبینن، دیارە بەهۆی هەژموون و کاریگەریەکەی، بەشێکی زۆر لە گۆرانکاریە سیاسیەکانی جیهان و لە نێوانیشیاندا هەرێمی کوردستان، لە رێگەی تۆرە کۆمەڵایەتیەکانەوە دروست بوون و دروست دەبن و سەرجەم کارکتەرە کاریگەرەکانی دونیای سیاسەت لە دەسەڵات و لە ئۆپۆسزیۆن، پەنا دەبەنە بەر ئەم فەزایە و لە رێگەیەوە پەیامەکانیان دەگەیەنن و ئاگاداری گۆرانکاریەکان دەبن و رایەڵی پەیوەندی لەگەڵ دەورووبەردا دروست دەکەن.

هەربۆیە ئەم بابەتە بەم دواییانە پانتاییەکی بەرفراوانی لە توێژینەوە میدیاییەکانی داگیر کردووە و بۆتە جێباسی کۆنفراسە زانستیەکان و مشت و مری نێوان پسپۆرانی بواری میدیا بە شێوەیەکی گشتی، ئەم توێژینەوەش دەیەوێت لەسەر ئەم بابەتە گرنگ و هەستیارە بدوێت و ئاست و رادەی کاریگەریی و رۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر کایەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا بزانێت، بە دیاریکراوی کاریگەریی لەسەر گۆرانکاریە سیاسیەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان، ئەویش لە رێگەی وروژاندنی ئەم پرسیارە سەرەکیەوە:

(رۆڵ و کاریگەریی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان چییە لە سەر گۆرانکاریە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستاندا ؟)

توێژینەوەکەش دابەش کراوە بۆ سێ باسی سەرەکی: باسی یەکەم لایەنی میتۆدیی توێژینەوەکە و باسی دووەم لایەنی تیۆری توێژینەوەکە و باسی سێهەم لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە، لە کۆتاییشدا ئەنجام و پێشنیاز و راسپاردە و سەرچاوەکان.

**کلیلە وشە: رۆڵ، تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، گۆرانکاری سیاسیی**

## باسی یەکەم
## میتۆدنامەی توێژینەوەکە

1- **گرفتی توێژینەوەکە:** لە رۆژگاری ئەمرۆماندا کایەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو گۆرانکاریانەی بەسەر تەکنەلۆجیای میدیادا هاتووە، کاریگەریەکی گەورەی لەسەر سەرجەم سێکتەرەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دروست کردووە، یەکێك لەو سێکتەرانە سێکتەری سیاسییە و تۆرە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر ئاستی جیهان وەك سەکۆیەکی گرنگ بۆ بڵاوکردنەوەی بیروبۆچونە سیاسیەکان و دەربڕینی سیاسیی و ئاراستەکردنی سیاسیانە ناوزەد دەکرێت. ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت لەسەر ئەم بابەتە گرنگە بدوێت و ئاستی کاریگەریی و رۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان لە سەر دروستکردنی گۆرانکاریی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا بزانێت، لەرێگەی کنەکردنی ئەم بابەتە و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان کایەی میدیایی و کایەی سیاسی و لە رێگەی زانینی دیدو بۆچونی دەستەبژێریی ئەکادیمی و پسپۆرانی بواری میدیا لە هەردوو زانکۆی سلێمانی و زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

2- **بایەخی توێژینەوەکە:**

- ئەم توێژینەوەیە دەبێتە بەشداریەك لە دەوڵەمەندکردنی توێژینەوە زانستییەکان لە بواری پەیوەندی نێوان کایەی میدیایی و کایەی سیاسی.
- پێویستییەکی ئەکادیمی و زانستیی هەیە لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەم جۆرە توێژینەوانە، بە تایبەت لە بواری زانینی رای دەستەبژێری ئەکادیمی، کە بەرکەوتنی راستەوخۆیان لەگەڵ گۆرانکاریی سیاسیی و میدیاییدا هەیە لە هەرێمی کوردستان.
- هەروەها ئەم جۆرە توێژینەوانە خزمەتێك بە کۆمەڵگە پێشکەش دەکات، بەو پێیەی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و گۆرانکاری سیاسیی دوو بابەتی گرنگن و پەیوەندی راستەوخۆیان بە کۆمەڵگەوە هەیە.



http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp97-114

**3- پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامی ئەم چەند پرسیارە بداتەوە:

- ئایا پەیوەندی چییە لە نێوان کایەی میدیایی و کایەی سیاسیی و سروشتی کاریگەرییان لەسەر یەکدی چۆنە؟
- ئایا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چ رۆڵێکی بینیوە لە دروستکردنی گۆرانکاریی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا؟
- تا چەندێك تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە سەکۆیەك بۆ دەربڕینی راوبۆچونە سیاسیەکان و وروژاندنی پرسە سیاسییەکان؟

**4- ئامرازی توێژینەوەکە:**

ئامرازی سەرەکی بەکارهاتوو لەنێو ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە فۆرمی راپرسی و بە بەکارهێنانی سامپڵی راستەوخۆی مەبەستدار، کە پێکهاتوون لەسەرجەم پسپۆرانی میدیا لە هەردوو زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی و زانکۆی سلێمانی و لە رێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی (google survey).

**5- جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:**

میتۆدی زانستیی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە بریتی یە لە میتۆدی وەسفی و بە رێگەی روپێوکاری گشتیی و بە بەکارهێنانی ئامرازی راپرسی.

**6- چەمك و زاراوەکان:**

- رۆڵ: رۆڵ مانای جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت، بۆ نموونە رۆڵی کۆمەڵایەتی، رۆڵی ئاینیی، رۆڵی رۆشنبیریی و چەندین جۆری تر، ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا مەبەستە رۆڵی سیاسیەنیە، کە هەندێك جار دەزگا میدیاییەکان دەیبین و بە تایبەت رۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر گۆرانکاریە سیاسیەکان.
- گۆرانکاری سیاسی: واتە ئەو گۆرانکاریانەی کە لەرووی سیاسییەوە لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا روویانداوە.
- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: بەو پێگە ئەلیکترۆنیانە دەوترێت کە هەواڵ و زانیاری بڵاو دەکەنەوە و بوونەتە سەکۆی بڵاوکردنەوەی بیرورا و بۆچونەکان و چەناڵی تایبەتی بەرکارهێنەرانیەوە و لە رێگەیەوە ئاڵ و گۆری زانیاری و بیرورا دەکرێت و پەیوەندی دروست دەکرێت.
- دەستەبژێر: کۆمەڵە کەسێکن کە بە هۆی هەژمون و توانا و زانیاریان لە بوارێکدا، کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگە هەیە و دەتوانن ئاراستەی خەڵکی بگۆرن.

**7- توێژینەوەکانی پێشوو:**

**توێژینەوەیە یەکەم:** معالجة الصحافة العراقیة لقضیة الاصلاح السیاسي، توێژینەوەیەکی ماستەرە لە ئامادەکردنی بەهرۆز عەلی رەسوڵ پێشکەش بە پەیمانگەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی عەرەبی لە قاهیرە کراوە، کێشەی توێژینەوەکە بریتی یە لە زانینی سروشتی رووماڵی میدیاییانەی رۆژنامە عێراقیەکانی (المدی و الاتحاد و الصباح) لە نێوان کانونی دووەمی 2010 بۆ نیسانی 2010 و توێژەر چەند پرسیارێکی وروژاندووە لەوانە: چۆن سیاسەتی نووسین کاریگەریی لەسەر شێوازی موعالەجەی رۆژنامەییانە بۆ کێشەکانی چاکسازی سیاسی کردووە؟ و ئاراستەکانی رۆژنامە عێراقیەکان بۆ چاکسازی سیاسی چیە؟ و چۆن چۆنی بابەتەکانی پەیوەست بە چاکسازی سیاسی لە رۆژنامە عێراقیەکاندا تیشکی خراوەتە سەر و زەق کراوەتەوە؟، لە کۆتاییدا توێژەر گەشتۆتە چەند دەرئەنجامێك، لەوانە: رۆژنامەی سەباح لە رۆژنامەکانی تر زیاتر بایەخی بە چاکسازی سیاسی داوە و سەرجەم رۆژنامەکان جەختیان لە بونیادنانەوەی دەوڵەت کردووە، هەروەها بابەتی توندوتیژی حزبیی لە نێو ئەو بابەتانەیە کە رۆژنامە عێراقیەکان رووبەریان بۆ تەرخان کردووە و قسەیان لەسەر کردووە و جەخت لەوە کراوەتەوە کە حکومەت دەتوانێت رۆڵێکی سەرەکی ببینێت لە پرسی چاکسازی سیاسی.

**توێژینەوەی دووەم:** مامەڵەی سۆشیاڵ میدیای کەناڵە ئاسمانیەکان لە رووماڵکردنی پرسە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستاندا، توێژینەوەیەکە پ.ی.د.شێرکۆ جبار محمد لە گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بڵاوی کردوەتەوە، کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە سروشتی چۆنیەتی مامەڵەی سۆشیاڵ میدیا دەبینێتەوە لە هەڵایسانی قەیرانە سیاسیەکانداو هاندانی بەکاربەری تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە هەڵچوونی زەینیی سیاسی و ناسەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بریتی یە لە: ئایا مامەڵەی سۆشیاڵ میدیای کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە خستنەڕووی پرس و بابەتە سیاسیەکاندا چۆنە؟

سامپڵی توێژینەوەکە بریتیە لەو پۆستانەی لە تۆری کۆمەڵایەتی (Facebook) لە پەیجی فەرمی هەردوو کەناڵی ئاسمانی (NRT – RUDAW) رۆژانە بڵاوی دەکەنەوە لە ماوەی مانگی یەکەمی ساڵی 2018.

گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتیە لە: شێوازی بڵاکردنەوەی ڤیدیۆیی لە پێگەی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان بۆ خستنەڕووی پرس و کێشە سیاسیەکان بە پلەی یەکەم پشتی پێبە ستراوە . هەروەها کە ئەولەوییەتی ناوەرۆکی بابەتە سیاسیەکان لە پێگەی سۆشیاڵ میدیای کەناڵە ئاسمانییەکان لە


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp97-114

هەرێمی کوردستاندا بە پلەی یەکەم باس لە گرفتی گەندەڵی دەکەن، هەروەها سەرەنجڕاکێشی پشتبەستراو بە کارتێکی دەنگیی و ڤیدیۆیی یەکەمین شێوازە لە خستنەڕووی بابەتە سیاسییەکان.

**توێژینەوەی سێهەم:** دور وسائل الاعلام و الاتصال الجديدة في التغيير السياسي. توێژینەوەیەکی ماستەرە لە لایەن شەیما بیلۆنس پێشکەش بە کۆلێژی زانستە سیاسیەکانی زانکۆ ئەلعەربی کراوە، توێژەر لەم توێژینەوەیە پرسیارێکی سەرەکی ورووژاندوە کە بریتی یە لەوەی ئایا ئامرازە میدیاییە نوێیەکان دەتوانن گۆرانکاری سیاسی دروست کەن؟ و لەم پرسیارەشەوە چەند پرسیارێکی لاوەکی خستوەتە روو لەوانە: ئامرازە میدیاییە نوێکان و چۆن توانیویانە میکانیزمی گۆرانکاری سیاسی بن و ئەو رۆڵە چیە کە ئەم ئامرازانە لە گۆرانکاری دیموکراسیدا دەیبینن؟ و تا چەندێك دەتوانن رای گشتی بجوڵێنن و ئاراستەی بکەن؟ لە کۆتاییدا توێژینەوەکە گەشتوتە چەند دەرەنجامێك، لەوانە: ئامرازە میدیاییە نوێیەکان کۆنترۆڵی رای گشتیان کردووە و زۆر بە باشی جەماوەر جۆش دەدات و بەسەر گوتاری سیاسی باودا زاڵ بووە، هەروەها ئەم ئامرازانە پاڵنەرێکی گرنگن بۆ بەشداریی سیاسی و رادەربرین و گفتوگۆ.

**گفتوگۆی توێژینەوەکان:**

- ئەم توێژینەوەیە هاوبەشە لەگەڵ توێژینەوەی یەکەم بەوەی هەردوو توێژینەوەکە باس لە پەیوەندی نێوان هەردوو کایەی میدیایی و سیاسی دەکەن و باس لەو گۆرانکاریانە دەکەن کە میدیا لەسەر کایەی سیاسی دروستی دەکەن. و ئەم توێژینەوەیە جیاوازە لە توێژینەوەی یەکەم بەوەی توێژینەوەی یەکەم باس لە رۆژنامە عێراقیەکان دەکات و کاریگەریان لەسەر چاکسازی سیاسیی، بەڵام ئەو توێژینەوەیە دەیەوێت قسە لەسەر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بکات لە هەرێمی کوردستان و کاریگەریی لەسەر گۆرانکاریی سیاسی.
- ئەم توێژینەوەیە هاوبەشە لەگەڵ توێژینەوەی دووەم بەوەی توێژینەوەی دووەم باس لە شێوازی رووماڵی سۆشیالمیدیا دەکات بۆ رووداوە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان و ئەمەش هاوبەشە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە بەوەی قسە لەسەر رووداوە سیاسیەکان کراوە و بەستراوەتەوە بە میدیا. و جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوەی دووەم ئەوەیە، ئەم توێژینەوەیە پشتی بە ئامرازی راپرسی بەستووە و توێژینەوەی دووەم پشتی بە ئامرازی شیکارینامە بەستووە.
- ئەم توێژینەوەیە هاوبەشە لەگەڵ توێژینەوەی سێهەم بەوەی هەردوو توێژینەوەکە باس لە رۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن لە گۆرانکاریی سیاسی، ئەم توێژینەوەیە جیاوازە لە توێژینەوەی سێهەم بەوەی ئەم توێژینەوەیە لەسەر سامپڵێك لە ئەکادیمیستانی بواری میدیایە لە هەرێمی کوردستان و توێژینەوەی سێهەم لەسەر سامپڵێکە لە جەماوەری عەرەبی .

# باسی دووەم
# تیۆرینامەی توێژینەوەکە

## 1- چەمکی میدیای نوێ و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان

**پێناسە:** پسپۆرانی بواری میدیا دید و بۆچونی جۆراوجۆریان لەسەر چەمکی میدیای نوێ هەیە، هەندێك بە میدیای نوێ ناوی دەبەن و هەشن بە میدیای ئەلیکترۆنیی یاخود میدیای جێگرەوە و هەشن پێیان وایە کە دەبێت ناوی میدیای ئۆنلاینی لێ بنێن و چەندین دید و بۆچونی دی. بەڵام زۆرینەیان پێیان وایە کە ئەم دیاردەیە میدیاییە دەرهاویشتەی گەشەکردنی تەکنەلۆجیا و ئەو فەزا دیموکراسیەی کە لە جیهاندا بڵاوبوتەوە، بە گشتی تێروانینەکان بۆ دوو جۆر تێروانین دابەش بوون: هەندێك پێیان وایە کە ئەم میدیایە درێژکراوەی میدیا تەقلیدیەکانی وەك رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژنامەیە و گەشەکردنی سروشتی ئامرازە میدیاییەکانە، هەندێکیش پێیان وایە کە ئەم میدیایە تەواو جیاوازە لە ستایڵی کارکردنی میدیای کلاسیکیی و پێیان وایە ئەم میدیایە میدیایەکی (جێگرەوە)یە و رکابەری ئەو میدیا کلاسیکی و کۆنباوەیە.

لێرەدا دید وبۆچونی کۆمەڵێك لە پسپۆران سەبارەت بەچەمکی میدیای نوێ دەخەینە روو، لەوانە زانا (لیستەر) کە پسپۆڕێکی بواری میدیایە پێی وایە کە: میدیای نوێ کۆمەڵێك تەکنولۆجیای پەیوەندیکردنە کە لە تێکەڵی نێوان کۆمپیوتەر و کەناڵە میدیاییە کلاسیکیەکان پێك هاتووە [1].

1 - باديس لونيس ، الاعلام الجديد و الهوية – دراسة في جدلية العلاقة و التأثير – مجلة العلوم الإنسانية و الاجتماعية، العدد 31، 2014، ص 269


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp97-114

هەروەها زانا (نیكۆلاس نیگرۆپۆنتی) دەڵێت[1]: میدیای نوێ یەكە مادیەكانی میدیای گۆڕی بە دیجیتاڵ، هەروەها زانا (ڤێن كرۆسپی) پێی وایە كە میدیای نوێ تێكەڵەیەكە لەپەیوەندی كەسی وجەماوەریی لەیەك كاتدا. ئینسكلۆپیدیای كورتكراوەی ئینتەرنێت Condensed Net Glossary بەم شێوەیە پێناسەی میدیای نوێی كردووە: ئامێرە میدیاییە ژمارەییاكانە، یاخو پیشەسازیی رۆژنامەیە لەسەر ئینتەرنێت.[2]
لێرەوە توێژەر پێناسەیەك بۆ میدیای نوێ دادەنێت بەوەی: ئەو ئامراز و ناوەرۆكە میدیاییانەیە كە سوود لە تەكنەلۆجیای ئینتەرنێت و ئامێرە زیرەكەكان وەردەگرێت و كارلێكێكی بەهێز لە نێوان هەریەك لە نێرەر و وەرگر لە لایەك و نێوان هەریەك لە میدیای نوسراو و بیستراو وبینراودا دروست دەكات.

**هۆكارەكانی سەرهەڵدانی میدیای نوێ:** هەر دیاردەیەكی میدیایی هۆكار و فاكتەری سەرهەڵدان و گەشەكردنی هەیە، لێرەدا هەندێك لەو فاكتەر و هۆكارانە دەخەینە روو، كە بوونەتە هۆی پەیدابوون و گەشەگردنی ئەم دیاردە جیهانیە :[3]
1 .هۆكاری تەكنیكی و زانستیی: خۆی لە گەشەكردنی بوارەكانی تەكنۆلۆژیای مانگی دەستكرد و تۆرەكانی ئینتەرنێت و ئامێری كۆمپیوتەر و مەڵتی میدیادا دەبینێتەوە، كە بووەتە هۆی نوێكردنەوەی میدیای كلاسیك و سەرهەڵدانی میدیای نوێ و زەمینەیەكی لەباری بۆ گەشەكردنی بواری میدیا رەخساندووە و كارئاسانیی بۆ سوود وەرگرتن و بەكارهێنانی ئامرازە میدیاییەكان دروستكردووە.
2 .هۆكاری ئابوریی: خۆی لە جیهانگیری ئابوریدا دەبینێتەوە، كە تیایدا داواكاریی و خواست زۆر خێرابووە بۆ شمەك و خاوەن سەرمایە، بەو واتایەی جیهانگیریی سیستمی میدیا و پەیوەندیكردن بووەتە ئامرازی هێزی ئابوریی بۆ جیهانگیریی بازار ودابەشكردنی شمەكی بەرهەمهێنی رۆشنبیریی.
3 .هۆكاری سیاسیی: خۆی لە بەكارهێنانی زۆری كەناڵەكانی میدیادا دەبێنێتەوە، لەلایەن هێزە سیاسیەكانەوە بەئامانجی پراكتیزەكردنی زیاتری كارنامە و هاوسەنگی هێز، هەروەها بڵاوبوونەوەی چەمكەكانی دیموكراسیەت و داواكردنی مافەكان و بەشدارپێكردنی هاوڵاتیان لە كاروباری گشتیدا.
هەر بۆیە ئەم سێ هۆكارە پێكەوە ژینگەیەكی لەباریان بۆ گەشەكردنی ئامرازە میدیاییەكانی تایبەت بە میدیای نوێ دروستكردووە و سەرلەبەری دیمەنی میدیایی گۆڕیوە.
**تایبەتمەندیەكانی میدیای نوێ:** پسپۆران و شارەزایانی بواری میدیا، لەوانە نوسەری ئەمریكی ئالڤن تۆڤلەر و چەندینی تر، چەندین تایبەتمەندیان بۆ میدیای نوێ دەستنیشان كردووە، وەك :[4]
1 .كارلێككردن: كردەی پەیوەندیكردن لە نێوان نێرەر و وەرگردا دوو ئاراستەیە، بەجۆرێك زانیاری و هەواڵ و رووداو و بابەتی جۆراوجۆر ئاڵوگۆڕی پێدەكرێت، و وتووێژ لە نێوان هەردوولادا روو دەدات، جگە لەوەی خودی ئامرازە میدیاییەكان لە نێوان خۆیاندا كارلێكێكی بەهێزیان دروستكردووە و سوود لە یەكدی وەردەگرن.
2 .ناكاتیی: تواناى كارامەیی بوون لە كردەی پەیوەندیكردن لەنێوان نێرەر و وەرگر لە هەر كاتێك بیانەوێت، دەبێتە هۆی زاڵبوون بەسەر كاتدا، بلاوكردنەوەی هەواڵ و رووداوێكدا وەك لەسەردەمی میدیای كلاسیكدا پەیوەست نەماوە بە كاتێكی دیاریكراوەوە.
3 .بەشداریی و بڵاویی: بەشداریی ڕاستەوخۆ بۆ تێكڕای وەرگران لە بابەتە خوازراوەكاندا فەراهەم دەكات، هەروەها توانای بڵاوكردنەوە و ئاڵوگۆڕی زانیاریی و داتا بۆ بەكارهێنەران بە شێوەیەكی ئاسان وخێرا دەرەخسێنێت.
4 . جولەپێكردن و گواستنەوە: دەتوانرێت كەرەستە نوێكان بەئاسانیی و خێرایی بگوازرێتەوە، چ لەگەڵ وەرگر بێت یان نێرەر.
5 . جیهانی بوون: ژینگەی كاركردن لەمیدیای نوێدا جیهانیە، كە هیچ بەربەستێكی لە كات و شوێن و چاودێری بۆ ڕەگەزەكانی پرۆسەی پەیوەندیكردن نەهێشتۆتەوە. جگە لەوەی زۆربەی رووداوەكان مۆركێكی جیهانیان وەرگرتووە.
6 . یەكگرتنی كەرەستەكان: مەبەست لە یەكگرتن و كۆبونەوەی كەرەستەكانی مەڵتی میدیایە لەمیدیای نوێدا (نووسین، فۆتۆ، ڤیدیۆ، دەنگ)، بە جۆرێك چەمكە كلاسیكیەكانی دابەشكردنی میدیایی بۆ (بینرا و و بیستراو و نوسراو)ی تێپەراندووە.
7. هەڵگرتن وسەیڤكردن: ئاسانكاریی بۆ وەرگر دەكات لە دابەزاندن و هەڵگرتن و تۆماركردنی ئەلیكترۆنیی پەیامی میدیایی، هەروەها توانای گەڕانەوە بۆ خودی ئەو پەیامە هەڵگیراوە ئەلیكترۆنیانە لەكاتی گونجاوتردا.
**دیاردە سەرەكیەكانی میدیای نوێ:** هاوشان بە چەمكی میدیای نوێ، ئینتەرنێت وەك سەرچاوەی سەرەكی ئەم گەشەكردنە میدیاییە باس دەكرێت، بەبێ باسی ئینتەرنێت ئەستەمە شتێك بەناوی میدیای نوێ بوونی هەبێت، ئینتەرنێت وەك گرنگترین ئامرازی میدیای نوێ بوەتە سەرمەشقی ئەو گۆرانكاریە

1- رێبەر گۆران تاڵەبانی و یەحیا عومەر رێشاوی، میدیای نوێ لە سایەی شۆرشی زانیاریەكاندا، تۆری ئەكادیمیا و دیالۆگی میدیا، سلێمانی، 2020، ل 134
2- رحيمة الطيب عيساني، الصراع و اتكامل بين الاعلام الجديد و الاعلام التقليدي، مجلة الباحث الإعلامي، بغداد، العدد 20 ، 2013,ص 53
3- حسنين شفيق، الإعلام التفاعلي وما بعد التفاعلية (القاهرة: دار فن للطباعة والنشر والتوزيع، 2010). ص 89
4- سميرة الشيخاني، الإعلام الجديد في عصر المعلومات (دمشق: جامعة دمشق، مجلة جامعة دمشق، المجلد 26 العددان الأول والثاني، 2010). ص 123


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp97-114

گەورانەی کە جیهان بەخۆیەوە دەیبینێت، بەتایبەت لە بواری کۆمیونیکەیشن و میدیادا، هەروەها ئاسانکاریەکی گەورەی بۆ بەکارهێنان و سوود لێ وەگرتن دروست کردووە، هەروەها پرۆسەکانی گەران و دۆزینەوەی زانیاری و بەشداری پیکردنی کەسانی ئاسایی کردوەتە سیمای ئەم گۆرانکاریە نوێیانە، بەجۆرێك گشت ئەو ئاستەنگ و لەمپەرە سیاسی و تەکنیکیانەی سەردەمی پێشووی تێپەراندووە و رێگەی نوێی بۆ کارلێککردن و پێککەشتن و ئاڵ و گۆری زانیاری دروست کردووە[1].

لە لایەکی دیکەوە میدیای نوێ چەند سیما و دیاردەیەکی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، دیارترینیان :[2]

1 .شکاندنی پاوانخوازیی دەزگا میدیاییە گەورەکان، لەسەردەمی میدیای نوێدا بەهۆی کرانەوەی میدیایی وشکاندنی سنورەکان وئازادیی بەرفراوان بۆ دەزگا میدیاییەکان و بەکارهێنەران، سروشتی پاوانخوازیی لەلایەن میدیا گەورە و کۆمپانیا فرە رەگەزەکانەوە کۆتایی هات، تەنانەن هاوڵاتی ئاسایی بوو بە بەشێك لەبەرهەمهێنانی پەیامی میدیایی.

2 .دەرکەوتنی چینێکی نوێ لەمیدیاکاران، بەو مانایەی چیتر شتێك نەما بەناوی میدیاکاری کلاسیك و ناوەندیی لەکاری میدیاییدا، بەڵکو سەربەستی و بژاردەی جۆراوجۆر لەکارکردن و تەکنەلۆژیای نوێ بۆ پێشخستن و گەشەدانی کاری میدیایی وایکرد میدیاکاری نوێ و پرۆفیشناڵی هێنایەکایەوە، جگە لەوەی هاوڵاتیش بوو بە سەرچاوە و بەشێك لە کاری میدیایی.

3 .دەرکەوتنی دوانگەی نوێ بۆ گفتوگۆ کردن، دوانگەی نوێی پەیوەندیکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ وزانیاری و بیر و ڕا بۆ بەکارهێنەران ڕەخسا، لەوانە: (میدیای ئەلیکترۆنیی و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان). ئەم دوانگانە وێنایەکی دیکە و جیاوازین بە کۆی دیمەنی میدیایی بەخشی.

4 .دەرکەوتنی میدیای جەماوەر بۆ جەماوەر، بە واتای ئەو مۆدێلە نوێیە لە کاری میدیایی ئەلیکترۆنیی و ئاسمانیی، کەوایکردووە وەرگرێکی کارا و بەشدار لە پرۆسەی فیدباکدا دروست بکات. ئەمرۆ لە رێگەی تۆری ئینتەرنێت و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان جەماوەرێکی بەرفراوان گوتار ئاراستەی جەماوەرێکی بەرفراوان دەکات و پێکەوە لە ژینگەیەکی میدیاییدا ئاڵ و گۆری داتا و بیروبۆچون و زانیاریی دەکەن.

5 .دەرکەوتنی ناوەرۆکی رۆشنبیریی و میدیایی نوێ، میدیای نوێ بووە هۆی فراوانبوونی ململانێی رۆشنبیریی و شارستانیی و کولتووریی نێوان گەلانی جیهان و بڵاوبونەوەی دید و هزری نوێ، ئەم ناوەرۆکە نوێیانە پێشتر بەکەمی لە میدیای کلاسیکدا دەبینران و کاریگەرییان لەسەر سەرجەم بوارە ئاینیی و سیاسیی و کۆمەلایەتیی و کولتوریەکاندا دروست کردووە.

6 .بەشداریی لە ریزبەندیی ئەجێنداکاندا، کەناڵە میدیاییە نوێکان سەرەرای ئامانجی ئایدۆلۆژیی و دارایی و جەماوەریی، بەڵام بەردەوام بە پێی ئەجێندا و پێویستیی و گرنگیی وەرگر پەیامەکانیان ئاراستە دەکەن، کەتەواو جیاوازە لەقۆناغی میدیای کلاسیك.

7 .سەرهەڵدانی دیاردەی کۆمەڵگەی گریمانەیی و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەکارهێنەران دوو کۆمەڵی جیاوازیان خوڵقاندووە، یەکەم: کۆمەڵی واقیعی بەکارهێنەران، کە نمایشی ڕاستەقینەیان دەکات لەو پرۆفایل و گروپ وپەیجانەی کە وەك خزمەتگوزاریی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بۆی فەراهەم کردوون، دووهەم: کۆمەڵگەی گریمانەیی ناواقیعی بەکارهێنەران، کە بووەتە هۆی دروستکردنی بەکارهێنەرانی نادیار لە خاوەندارێتی لەو پرۆفایل و گروپ و پەیجانەی کەوەك خزمەتگوزاری تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بۆی فەراهەم کردوون.

**تۆرە کۆمەڵایەتییەکان**: دید و بۆچونی جۆراوجۆر لەسەر پێکهاتەی میدیای نوێ هەن، هەندێك لەو بۆچونانە باس لەوە دەکەن کە میدیای نوێ پێك دێت لە میدیای ئەلیکترۆنی و هاوڵاتی رۆژنامەنووس و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و مانگە دەستکردەکان، لە نێو ئەم پێکهاتەیە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان وەك کرۆکی میدیای نوێ و بەشە سەرەکیەکی باس دەکرێت، تەنانەت هەندێك لە پسپۆران پێیان وایە کە میدیای نوێ واتە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان.

تۆرە کۆمەڵایەتیەکان دەستەواژەیەکە بۆ کۆمەڵێك لە سایتەکان لە تۆری جیهانی ئینتەرنێتدا، کە لەگەڵ نەوەی دووەمی ئینتەرنێتدا دەرکەوتن ( وێب 2. 0 )، رێگە بە کەسەکان دەدات کە لە کۆمەڵگەیەکی گریمانەیدا پەیوەندی پێکەوە ببەستن بە پێی ئارەزوو بایەخپێدانە هاوبەشەکانیان، هەموو ئەمە لە رێگەی پەیوەندی راستەوخۆ یاخود ئاگادار بوون لە کار و چالاکیەکانی یەکدی، تۆرە کۆمەڵایەتییەکان کارلێکێکی بەهێز و ئاسان لە نێوان بەشداربوانیدا دروست دەکات و چەندین تایبەمەندێتی لەخۆ گرتووە وەك: ( نامە ناردن و گفتوگۆ، ڤیدیۆ، ئاڵ و گۆری دۆسیەکان، گروپەکانی چات و هەڤپەیڤین، بلوگەرەکان و هتد).

تۆری (Class Mates) یەکەم تۆری کۆمەڵایەتیە، کە بۆ دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی و بەکارهێنانی لەناوەندی ئەکادیمیدا لە ساڵی (1995)دا لەلایەن (راندی کۆنرادس) دامەزرا، پاشان تۆری (Six Degrees) ساڵی (1997) لەلایەن (ئەندرۆ وایەنریتش) دامەزرا، هەروەها تۆری (My

1- رحيمة الطيب عيساني، الصراع و التكامل بين الاعلام الجديد و الاعلام التقليدي، مصدر سابق، ص 51
2- فهد بن عبدالرحمن الشميري، الإعلام الجديد (الرياض: مكتبة الملك فهد الوطنية، الطبعة الأولى، 2010).ص 90


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp97-114

(space)سالی(2003) لەلایەن (براد گرینسپان) دامەزرا، پاشان تۆڕی (facebook) ساڵی (2004) لەلایەن (مارگ زوکزبێرگ) دامەزرا، دواتر تۆڕی (Twitter) ساڵی (2006) لەلایەن (جاك دۆرسی) دامەزرا.[1]

ئەم سایتانە ئاسانكاریەكی بەهێزی لە بواری پەیوەندیە كۆمەڵایەتییەكاندا دروست كردووە، ئەویش بەوەی لە سەرجەم بوارە سیاسیی و كۆمەڵایەتیی و رۆشنبیریی و ئاینیی و ئابوریی و زانستیی و وەرزشیەكاندا، یارمەتی یەكتر بینینی راستەوخۆ بە دەنگ و رەنگ و ئاڵوگۆری وێنە و زانیاریی دەدات.

لەناوەڕاستی نەوەدەكانی سەدەی رابردوو تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بۆ دروستكردنی پەیوەندی كۆمەڵایەتیی و زانستیی و ئابوریی و سیاسیی و رۆشنبیریی هتد سەریان هەڵدا، بەجۆرێك ئەم تۆڕانە بوونە بەشێك لەژیانی رۆژانەی بەكارهێنەران، بەو ئاستەی كە رێژەی بەكارهێنەران لەسەرتاسەری جیهان لەئێستادا لەسەروو سێ ملیار بەكارهێنەرەوەیە، بەكارهێنەران تیایاندا هەواڵ و زانیاریی و بابەتی هەمەلایەنە بەشێوەی نوسین و فۆتۆ و ڤیدیۆ بڵاودەكەنەوە. ئەم تۆڕانە لەگەڵ نەوەی دووەمی ئینتەرنێتدا سەریان هەڵدا، كەتاك و كۆمەڵ، دەزگا حكومیی و ناحكومیەكان، دەتوانن لەرێگەی كردنەوەی لاپەڕەی فەرمی وپەیج و گروپەكانەوە لەچەند خزمەتگوزاریەكی جۆراوجۆر سوود وەرگرن، وەك: بڵاوكردنەوەی بابەت ولایك و كۆمێنت و شەیر و گروپ و كردنەوەی ئەلبومی وێنە و ریكلام و بازارگەریی و هتد.

**خزمەتگوزاریی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان:** تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان پانتاییەكی بەرفروانی جیهانی ئینتەرنێتیان داگیر كردووە و خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر پێشكەش دەكەن، لەوانە:[2]

1 -پەیج و ئەكاونتە كەسیەكان :(Profile Page) لە رێگەی ئەكاونت و پەیجە كەسیەكان دەتوانیت خەڵكانی دی بناسیت و زانیاریە تایبەتیەكانی وەك رەگەز و شوێن و بەرواری لەدایك بوون و خولیا و شێوازی بیركردنەوەكانی و زۆرر شتی تر ، هەر لە رێگەی ئەم ئەكاونت و پەیجانەوە دەتوانیت بە ئایدیا و نووسین و تێروانینەكانی كەسانی دیكە ئاشنا بیت و پەیوەندی دروست بكەیت و زانیاری ئاڵ و گۆر بكەیت و زۆر چالاكی تر.

2 -دروستكردنی هاورێ و پەیوەندی :(Friends or Connections) لە رێگەی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوە دەتوانیت هاورێ بۆ خۆت دروست كەیت و بە كەسانی دیكە ئاشنا بیت، بە جۆرێك ئەو پانتاییە بوەتە هۆی نزیككردنەوەی نێوان كەسەكان و ئاگاداربوون لە چالاكی و هەواڵەكانی یەكدی، تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان ناوی (هاورێ)ی بۆ ئەو كەسانە داناوە.

3 -ناردنی دۆسیە و ڤیدیۆ و نامە :(Send Message) لە رێگەی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان رۆژانە بە ملیۆنان نامە و ڤیدیۆ و دۆسیەی جۆراوجۆر ئاڵ و گۆری پێدەكرێت، بەجۆرێك خەریكە دەبنە جێگرەوەی ئیمەیڵەكان.

4 -ئەلبومی وێنە :(Book Picture) تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان تایبەتمەندێتیی و ئاسانكاریی دروستكردنی ئەلبومی وێنەی بۆ بەكارهێنەرانی فەراهەم كردووە و دەتوانیت ئەم وێنانە لەگەڵ هاورێیانتدا شەیر بكەیت..

5 -گروپەكان :(Group) لە نێو فەزای تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا دەتوانیت گروپی گفتوگۆ و ئاڵو گۆری هەواڵ و زانیاری دروست بكەیت و تایبەتمەندێتیی پاراستنی ئەو زانیاریانەی لەخۆ گرتووە.

6 -گفتوگۆی راستەوخۆ :( Direct dialogue ) یەكێكە لە تایبەتمەندیە گرنگەكانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان و لە رێگەیەوە دەتوانیت بە ئاسانی لەگەڵ كەسانی دیكەدا گفتوگۆی راستەوخۆ بكەیت.

7 -بڵاوكردنەوەی هەواڵ و زانیاریی: ئەمرۆ تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان تەنها بۆ هاورێ دروست كردن و ئاشنابوون بە چالاكیەكانی یەكدی بەكار ناهێنرێت، بەڵكو بوەتە دوانگەیەك بۆ گواستنەوەی هەواڵ و زانیاریی و رووداوەكانی رۆژ، بە جۆرێك هەندێ جار ئاژانسە هەواڵیەكان و دەزگا میدیاییەكان لەسەر تاسەری دونیادا، بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریەكان پەنا دەبەنە بەر تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان.

8 -ریكلام و پروپاگەندە: لە رێگەی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوە دەتوانیت رەواج بە كاڵاكانت بدەیت و بازاریان بۆ دروست بكەیت، و بەم دواییانە ئەم بوارە زۆر گەشەی كردووە و كەسانی ئاسایی و كۆمپانیاكان پەنا دەبەنە بەر تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بۆ ریكلام بۆ شمەك و كاڵاكانیان، جگە لەوەی هەر لە رێگەی ئەم تۆڕانەوە پروپاگەندە بۆ ئایدیا و بیرو بۆچوونەكان دەكرێت و لە هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن و بڵاوكردنەوەی ئایدیا جۆراوجۆرەكاندا سوودیان لێ وەردەگیرێت.

9 -یاری و كات بەسەربردن: لە نێو تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا یاری جۆراوجۆر هەیە و كە چەند كەسێك دەتوانن تێیدا بەشدار بن و هەندێكیان دەبنە سەرچاوەی داهات.

---

1- ریبەر گوران مصطفی، تأثیر الشبكات الاجتماعیة التفاعلیة بالإنترنت على المستوى المعرفي بالبرامج الانتخابیة لدى الشباب العراقي، أطروحة دكتوراه غیر منشور، القاهرة: معهد البحوث والدراسات العربیة – قسم البحوث والدراسات الإعلامیة، 2013، ص59-60.

2 - رضا عبدالجواد أمین، استخدام الشباب الجامعي لموقع یوتیوب على شبكة الإنترنت (المنامة: جامعة البحرین - أبحاث المؤتمر الدولي؛ الإعلام الجدید تكنولوجیا جدیدة لعالم جدید – 7-9 أبریل 2009).



http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp97-114

**جۆرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکن لە نەوەی دووەمی ئینتەرنێت، کە خۆیان لەشەش تۆڕی جیاوازدا دەبینێتەوە، لەوانە:

1 .تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی: بریتین لە کۆمەڵە تۆڕێك کە هەریەکەیان خاوەن ژمارەیەکی بێسنورە لە بەکارهێنەر و بەشداربوو، کە بۆ مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابوریی هتد بەکاردەهێنرێن، هەروەها بەئاگابوون لە هەواڵ و زانیاریی و ڕووداوی جۆراوجۆر و بڵاوکردنەوەی بیرورا و چالاکی هەمەجۆرەکان، وەك: تۆڕی (فەیس بوك).

ئەم تۆڕە بۆ یەکەم جار لە لایەن (مارك زۆکربێرگ و هاورێکانی ئیدواردۆ سافرین، موسکوفیتش دستین، کریس هیوز) لە مانگی شوباتی ساڵی 2004 دامەزرا، بە یەکێك لە بەناوبانگترین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت، کە ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات دۆسیەی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن و نامە ئاڵوگۆڕ بکەن و هاوڕێی نوێ زیاد بکەن، جگە لەمانە دەتوانن گوزارشت لە خۆیان بکەن و کۆمێنت لەسەر بۆچونەکان بە ئاسانی بنووسن، هەر ئەمەش وای لێدەکات ببێتە خاوەن خەسڵەتی تایبەت، لەوانە:

- دەتوانیت راوبۆچون و چالاکیەکانت بڵاوبکەیتەوە و پەیوەندی لەگەڵ هاورێیاندا دروست بکەیت و دەتوانیت تەنها چەند کەسێك پۆستەکانت ببینێت.
- دەتوانیت وێنە و ڤیدیۆ دابەزێنیت و بڵاوی بکەیتەوە و لای خۆت ئەرشیف دەبن و پارێزراو دەبن.
- دەتوانیت چات بکەیت و ڕاوبۆچون ئاڵوگۆڕ بکەیت و کۆمێنت لەسەر بۆچون و پۆستی کەسانی تر بڵێیت.
- دەتوانیت گروپ دروست کەیت و پەیج و ئەکاونتی خۆناساندن دانێیت و ریکلام و پروپاگەندە بۆ خۆت و دەزگاکەت بکەیت.
- دەتوانیت وەك بزنس و بازرگانی سودی لی وەربگریت و دەتوانیت راستەوخۆ چالاکی و بۆچونەکانت بڵاو بکەیتەوە.

2 .تۆڕەکانی ڤیدیۆ: نمایشی چەند تۆڕێك دەکات، کە تەرخانکراوە بۆ بڵاوکردنەوەی پارچەی ڤیدیۆیی هەمەجۆر و هەمەچەشن، لەوانە: تۆڕی (یوتیوب).

جۆرێکی دیکەیە لە شێوازەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن (تشاد هیرلی و ستیف تشین و جاود کەریم) هوە دامەزراوەو لە 15ی شوباتی ساڵی 2005 بۆ یەکەم جار بە ئەزموونی کەوتە کار، پاشتر بە 6 مانگ بە تەواوی خرایە بەردەست جەماوەر و پانتاییەکی بەرفراوانی دونیای ئینتەرنێتی داگیر کردووە و بەکارهێنەرانی ملیۆنانی تێپەراندووە و بواری کارکردنی کاری دەنگی و رەنگیە.

3 .تۆڕەکانی فۆتۆ: لەچەند تۆڕێکی دیاریکراو پێکدێت، کە ڕێگە بە بڵاوکردنەوەی فۆتۆ وڤیدیۆ دەدات بۆ بەشداربوان و بەکارهێنەرانی، وەك: تۆڕی (ئینستاگرام).

ئەو تۆڕەیە کەرێگە بەبەکارهێنەرانی دەدات بۆ دابەزاندن وئاڵوگۆری وێنەی فۆتۆگرافی وڤیدیۆیی لەئێستادا لەرێی کۆمپیوتەر ومۆبایلی زیرەك و ئایپادەوە.

4 .بلۆگەر: جورت بارگەر ساڵی 1997 بۆ یەکەم جار ئەم دەستەواژەیەی بەکارهێنا، کەئاماژەیە بۆ ئەو تۆڕانەی کە لەلایەن کەس و کۆمەڵ و ڕێکخراوە حکومیی و ناحکومیی و دەزگا سیاسیی و ئابوریی و رۆشنبیریی و کولتوریەکانەوە بەکاردێت.

## 2- پەیوەندی نێوان کایەی میدیایی و کایەی سیاسی

پەیوەندی نێوان کایەی میدیا و کایەی سیاسیی یەکێکە لەو بابەتانەی کە لە جیهاندا جێگەی قسەوباس و مشت ومری زۆرێك لە بیریاران و توێژەران و نوسەران بووە ، لەم بارایەوە چەندین توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر پێشکەشکراون، کە باس لە سروشتی ئەم پەیوەندیە دەکات، و شرۆڤەی رادەی کاریگەریی و لایەنە ئیجابی و سلبیەکانی دەکات، هەندێ تیۆر هەن کە باس لە رۆڵی ئایدیۆلۆجیا و سیاسەتەکان دەکەن لە ئیدارەدانی دەزگا میدیاییەکاندا، و چۆن لە پشت هەر دەزگایەکی میدیایی تێروانین و فەلسەفە و سیاسەتێکی دیاریکراو هەیە، و دەیەوێت بە هەندێ ئامانج وبەرژوەندی تایبەت بگات، لەگەڵ ئەوەی جیاوازیی و ڕێژەی جۆراوجۆر لە سروشتی ئەم پەیوەندیەدا لە نێوان دەوڵەتە دیکتاتۆر ودەوڵەتە لیبراڵەکاندا هەیە، بەڵام لە ئەنجامی وردبونەوە بۆمان رون دەبێتەوە کە توخمی سیاسەت بە ڕێژەی جۆراوجۆر لە هەناوی دەزگا میدیایەکاندا گەمە دەکات.

کۆمیونیکەیشن (میدیا)ی سیاسیی زانستێکی سەربەخۆیە، و بەشێکی گرنگە لە زانستی کۆمیونیکەیشن، بەشەکانی میدیا و زانستە سیاسیەکان و زۆر رشتەی مرۆیی دیکە پرۆگرام و پانتایی تایبەتیان بۆ خوێندنی ئەم بابەتە تەرخان کردوە، هەروەها چەندین سەنتەری تایبەت بە توێژینەوە و سەدان توێژینەوەی جۆراوجۆریان لەمەر ئەم پرسە پێشکەشکردووە، بەرهەمەکەشی بۆتە تێروانین و بۆچونی جۆراوجۆر لەمەر ئەم بابەتە گرنگ و هەستیارە.[1]

کاریگەریی میدیا لەسەر سیاسەت دیاردەیەکی کۆنە و دەگەرێتەوە بۆ سەدەی هەژدە و یەکێك لە سیماکانی ئەم بابەتە خۆی لەو کاریگەریەدا دەبینێتەوە کە میدیا لەسەر رایگشتی دروستی دەکات، دەوڵەتیش هەوڵدەدات ببێتە بەشێك لە ئاراستە و سیاسەتە گشتیەکانی، لە پەنجاکانی سەدەی پێشوودا و لە بواری توێژینەوەدا کار لەسەر کاریگەریی تەلەفزیۆن لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکان کراوە و هەڵسەنگاندن بۆ ئاسەوارەکانی پروپاگەندە و شیکردنەوەی

1- محمد بن سعود البشر، مقدمة فی الاتصال السیاسی (الریاض: مکتبە العبیکان، الطبعة الأولی، 1997) ص 5



http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp97-114

ناوەرۆکی ئەو زمانە سیاسیەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا بەکار دەهێنرێت کراوە، لە جەنگی جیهانیی دووەمدا پانتاییەکانی جەنگی مێدیایی و پروپاگەندەیی و دەرونیی فراوانتر بون، کە هاوشان لەگەڵ بۆردومانی فرۆکە جەنگیی و سوپاکاندا گەشەی دەکرد.[1]

ئەگەر کەمێك بگەرێینەوە بۆ رابردوو، دەبینین هەندێ هەوڵ و ئەزمونی زانایان و فەیلەسوفە رۆژئاوایی و موسڵمانەکان هەن بۆ لێکدانەوەی ماهیەتی پەیوەندی نێوان سیاسەت و کۆمنیکەیشن، ئەرستۆ (322 ـ 384 پ.ز) لە پەرتوکەکەیدا (سیاسەت و گوتار) هەروەها میکاڤیللی و (1648 ـ 1527) وئیبن خەلدون و چەندانی تر باسیان لەم بابەتە کردووە.[2]

کۆمیونیکەیشنی سیاسی پێناسە کراوە بەوەی (ئەو زانستەیە کە لێکۆڵینەوە لە کۆی ئەو چالاکی و کارانە دەکات کە کارەکتەرەکانی نێو پرۆسەی کۆمیونیکەیشن پێی هەڵدەستن لە پێناو گەشتن بە هەندێ ئامانجی سیاسیی کە جێگەی بایەخە)، کرۆکی کۆمیونیکەیشنی سیاسی بۆ دروستکردنی کاریگەریی و گۆرینی تێروانین و بۆچونەکانی جەماوەر بە ئاراستەیەکی دیاریکراو، هەروەها جۆن میدۆ پێناسەی کردوە بەوەی: ئەو شێوازەیە کە تێیدا بارودۆخی سیاسیی کاریگەریی لەسەر ناوەرۆك و رێژەی کۆمیونیکەیشن دروست دەکات، هەروەها پەیوەستە بەو رێگەیەی کە دەکرێت تێیدا بارودۆخی کۆمیونیکەیشن کاریگەریی خۆی لەسەر سیاسەت دروست بکات.[3]

ئەم کۆمیونیکەیشنەش دابەش دەبێت بۆ کۆمیونیکەیشنی سیاسیی ناوخۆیی، کە لەسەر ئاستی نیشتیمانیی ئەنجام دەدرێت، یاخود لە نێو هەرێمێکی دیاریکراودا، کە تێیدا حکومەتەکان ئاراستەی گەلەکانیان دەکەن بۆ هۆشیارکردنەوە و رێنویێنی کردنیان، یاخود کۆمیونیکەیشنێکە لە دەرەوەی سنوری نیشتیمان لەسەر ئاستی پەیوەندیە نێودەوڵەتیی و دیبلۆماسیەتە رەسمیی و دەزگا میدیاییە دەرەکیەکان، هەروەها رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و حکومەتەکان پێی هەڵدەستن لە پێناو دروستکردنی کاریگەریی لە سەر سیاسەتی وڵاتانی دیکە .

دیارە میدیا ئامرازێکی کاریگەرە لە نێو ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان، کە لە رێگەی ئەم دەزگا میدیاییانەوە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە بەدی دێن، هەروەها بە رێگەیەکی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ و لە رێگەی ئاژانسەکانی هەواڵ و رۆژنامە و رادیۆ و کەناڵە ئاسمانیەکان و تۆری ئینتەرنێت و زۆر ئامرازی دیکەوە ئەم کارە ئەنجام دەدرێت،[4] بایەخی ئەم ئامرازە هیچی کەمتر نیە لە هەر ئامرازێکی لۆجیستی و سیاسی و سەربازیی، لەراستیشدا بەبێ چالاکیەکی مێدیایی و سەربازیی کاریگەر زەحمەتە سوپایەکی بەهێز و ئاسایشێکی تۆکمە دروست ببێت .

کاتێکیش مەسەلەکە پەیوەست دەبێت بە پەیوەندی نێوان کۆمیونیکەیشن و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان، ئەوا تەنها پەیوەندی نێوان حکومەت و حکومەتێکی دیکە نابێت، بەڵکو لە سایەی شۆرشی تەکنەلۆجیا و پەیوەندیەکاندا، کۆمیونیکەیشنێك دەبێت لە نێوان گەلێك و گەلێك و کولتورێك و کولتورێك و شارستانیەت و شارستانیەتێکی دیکەدا، تەنانەت رەنگە لێدوانێکی نا ئەنقەست پشێویەکی سیاسیی دروست بکات و جیهان داگیر بکات و وێنایەکی دیاریکراو دەداتە ئەو گەلە و رەنگە ببێتە دەربری ئاستی هۆشیاریی و سیاسیی و کولتوریی گەلێك یا وڵاتێك.[5]

لە سەرەتاکانی سەدەی پێشوو وڵاتە زلهێزەکان ویستویانە سیاسەتی دەرەوەی خۆیان بە هۆی ئامرازە مێدیاییەکانەوە جێبەجێ بکەن، چون مێدیا بەشێکی دانەبراوە لە سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێك و بێ ئەم چەکە کاریگەرە بەرژوەندیەکانی بەدی نایەن، (فردریك بارجهورن) پێی وایە کە فەرەنسا یەکەم دەوڵەتی زلهێز بووە کە پرۆگرامێکی فراوان و گشتگیری بۆ پەیوەندیە رۆشنبیریەکان داناوە، و لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە لە رێگەی وەزارەتی دەرەوە لە هەر دوو رۆژهەڵاتی دوور و ناوین دەستی دایە کاری موژدەدەریی و فێرکردن و شوێنەوارناسیی، هەروەها کردنەوەی خوێندنگە و پێشکەشکردنی وتار و بڵاوکردنەوەی کتێب و بایەخدان بە زمانی فەرەنسی و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی فەرەنسیی لە دەرەوەی سنورەکان لەخۆ گرتبوو، پاشتر بەریتانیا هاتە نێو جیهانی دیبلۆماسیەت و لە ساڵی (1934) بە دامەزراندنی (ئەنجومەنی بەریتانیی) کە ئامانجی بڵاوکردنەوەی بیر و تێروانینی ئینگلیزیی و رەوجدان بوو بە زمان و کولتوری ئینگلیزی لە وڵاتانی دیکە.[6]

لە میانەی جەنگە جیهانیەکانی یەکەم ودووەم وڵاتە زلهێز و بەشەرهاتوەکان بۆ دروستکردنی کاریگەریی لەسەر وڵاتانی دیکە و بەرزکردنەوەی رۆحی مەعنەوی گەلانی خۆیان هەوڵیانداوە سوود لە ئامرازەکانی کۆمنیکەیشن وەربگرن .

لە رووی مێژوییەشەوە و لەو کاتەی لە ئەوروپا چاپخانە هاتە کایەوە، خێرا یاسا و کۆت و بەندی بۆ دانرا تا لەدەست دەرنەچێت و نەبێتە فاکتەرێك بۆ نانەوەی پشێوی سیاسی، پیاوانی سیاسەت زۆر زیرەکانە میدیایان بۆ بەرژوەندی خۆیان بەکارهێناوە، بۆ نمونە رۆزفلت لە رێگەی رادیۆوە موخاتەبەی

1- مصعب عبدالقادر وداعه الله، منهجيه الإعلام وأثرها على النظم السياسية و علاقاتها الخارجية (مجله أفكار جديده، مجلة فصليه تصدرعن هيئه الأعمال الفكرية، السودان، العدد7، سبتمبر2003) ص 202

2- محمد بن سعود البشر، مقدمه فى الاتصال السياسى، سەرچاوەیەکی پێشوو، ل 20

3- ياسر على عثمان، الدعاية السياسية ـ أساليبها و وسائلها (رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة أم درمان، كلية الإعلام، 2003) ص 58

4- فهد عبد العزيز الدعيج، الأمن والإعلام فى الدولة الإسلامية (الرياض: المركز العربى للدراسات الأمنية والتدريب، 1986) ص 230

5- أحمد بدر، الإعلام الدولى ـ دراسات فى الاتصال و الدعاية الدولية (القاهرة: دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الرابعة، 1998) ص 58

6- صابر فلحوط – محمد البخارى، العولمة والتبادل الإعلامى الدولى (دمشق: دار علاء الدين، الطبعة الأولى، 1999) ص 12



http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp97-114

گەلەکەی دەکرد، وەك چۆن باوکێك لەگەڵ ماڵ ومنداڵەکانیدا بگەوێتە گفتوگۆ ! کەمەندکێشی جۆن کینەدی هەر لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە بوو، تەلەفزیۆن توانی بیگەیێنێتە سەر کورسی سەرۆکایەتی، تەنانەت فاشیەت لەدایکبووی دەزگایەکی مێدیایی زەبەلاح بوو. ئۆباما و دۆناڵد ترامپ و زۆربەی سەرکردە سیاسیەکانی جیهان زۆر زیرەکانە سۆشیالمیدیایان بەکارهێناوە و بیروبۆچونەکانی خۆیان بڵاودەکردەوە، بە جۆرێك دۆناڵد ترامپ بە بەکارهێنانی بۆ تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەت تۆری کۆمەڵایەتی تویتەر هەرایەکی میدیایی – سیاسی نایەوە و بوویە دیاردەیەکی میدیایی – سیاسی لە بەکارهێنانی میدیا لە لایەنە سیاسەتمەدارێکەوە.

(ولیام . ئ. پورتر)پێی وایە کە گرنگترین کاریگەریی کە ئامرازەکانی مێدیا لەسەر سیاسەتی دەرەوە ئەوەیە کە شتانێك بسەپێنن بەسەر ئەجێندای کارکردنی دەسەڵاتێکی سیاسی بێ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە سیاسیە ئەوە بخوازێت، (پورتر) ئەمەی ناونا (کاریگەریی جەخت کردنەوە لەسەر ئەلتەرناتیڤەکان ).[1]

ئامانجەکانی هەر سیستەمێکی سیاسی کە پشت بە ئامرازە مێدیایە جەماوەریەکان ببەستێت، پشت بە چەند خاڵێك دەبەستێت: [2]

1.پشتیوانیکردن لە بەها و داب و نەریتە سیاسیەکان، وەك ئازادی و یەکسانی و هاندان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا.

2.پارێزگاریی لە یاسا و تەواوکاری کۆمەڵایەتی و دروستکردنی هۆشیاریی بە گرنگی بەهاکان و بەشداریی لە بڕیاردان.

3.ڕێکخستنی مافەکانی هاوڵاتیبون و جۆشدانی تا بتوانێت لە کاتی بڕیارە گرنگەکانی وەك هەڵگیرسانی جەنگ و هەڵبژاردنەکان و مافی چارەی خۆنوسین و زۆر مەسەلەی دیکە بەشدار بێت .

4.چاودێریی ئەو ململانێیانەی کە لە نێو سیستەمێکی سیاسیدا دروست دەبن، یاخود لە نێوان سیستەمی سیاسی و سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان، یاخود لە نێوان ئاین و سیاسەتدا .

کەواتە پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان پرۆسەی کۆمیونیکەیشن - کە ئامانجەکەی باوەڕپێهێنان و ڕەواجدانە بە بیرۆکەکان و نێوان سیاسەت - کە دەیەوێت هزری خەڵك و تێڕوانین و باوەڕیان بەمەسەلەکان بگۆڕێت - هەیە، و (میدیا پێك دێت لە بیرۆکە و پەیڤی سەرکردە سیاسیەکان و هەندێك جار کاری سیاسەتمەداران نزیك دەبێتەوە لە کاری مێدیاکاران، بە جۆرێك خەریکە مێدیاکاران دەبنە سیاسەتمەدار و سیاسەتمەدارانیش ببنە مێدیاکار، بە کورتی دەزگا یدیاییەکان کاریگەریەکی بەهێز لەسەر کایە سیاسیەکان و پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسیی دروست دەکەن.

دەکرێت پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی کە زۆرجار کەناڵی میدیایی بۆ بەکار دەهێنرێت بە 3 هەنگاو ڕیزبەند بکەین: [3]

*کاریگەریەکی مەعریفی: بەو پەیوەندیەی کە لەنێوان بەرکەوتنی ئامرازە میدیایەکان و زیادبونی هۆشیاریی مەعریفی و ڕۆشنبیریی بە ژینگەی مێدیایی دروست دەبێت.

*کاریگەریی عاتیفی: لە کاریگەریی ئامرازە مێدیایەکان لەسەر هەڵویست و پێکهێنانی ئاراستەکان، ئەو توێژینەوانەی لەم بوارەدا ئەنجام دراون جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بەرکەوتنی ئامرازە مێدیاییەکان بایەخدانی مرۆڤ بە مەسەلە سیاسیەکان زیاد دەکات و ناچاری دەکات کە بە شوێن زانیاریدا بگەڕێت و عاتیفەی دەجوڵێنێت .

*کاریگەریی ڕەفتاریی: واتە ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان ئامرازە میدیایەکان و بەشداری فیعلی لە چالاکی ژینگە سیاسیەکەدا دروست دەبێت.

## باسی سێهەم
## پراکتیکنامەی توێژینەوەکە

بەمەبەستی ئەنجامدانی لایەنی پراکیتکی توێژینەوەکە و زانینی ڕای دەستەبژێری ئەکادیمی بواری میدیا، توێژەر فۆرمێکی ڕاپرسی ئامادەکرد، کە پێك هاتبوو لە چەند پرسیارێکی پەیوەست بە ناونیشانی توێژینەوەکە و پاشان فۆرمەکە نێردرا بۆ چەند پسپۆڕێکی میدیایی • بۆ زانینی سەرنج و تێبینیەکان و پاشان فۆرمەکە هەموار کرایەوە بۆ کلێشەی کۆتایی.

1 - ولیام.أ.بورنر، أیر وسائل الاتصال الجماهیری علی اتخاذ القرارات الخاصة بالسیاسة الخارجیة، وسائل الاتصال الجماهیری والتفاهم الدولی (سلسله کتب مترجمه 709، وزارة الإعلام، هیئه الاستعلامات، مصر) ص 120

2- ل.جون. مارتن و أنجوجروفرشودری، نظم الاعلام المقارنة، ترجمه: علی درویش (القاهره: الدار الدولیه للنشر والتوزیع، الطبعة الأولی) ل132-137

3- - محمد بن سعود البشر، مقدمة فی الاتصال السیاسی، سەرچاوەیەکی پێشوو، 136



http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp97-114

پاش ئەوە توێژەر بە شێوازێکی ئەلیکترۆنیی فۆرمی کۆتایی نارد بۆ مامۆستایانی میدیای هەردوو زانکۆی سلێمانی کە (25) مامۆستا بوون و زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، کە (22) مامۆستا بوون، واتە کۆی هەردوو زانکۆکە (47) مامۆستای بواری میدیا، لە کۆی ئەو (47) فۆرمە توێژەر (37) وەڵامی بەدەست گەشتەوە و پاشان بۆ دەرهێنانی دەرنجامەکان و زانینی جێگریی و لادانی پێوەریی و ناوەندی ژمێرەیی خشتەکان، توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی پرۆگرامی ئاماریی (SPSS) و ڕێژەی جێگیریی برگەکان بریتی بوو لە (0.986)، کە ئاماژەیە بۆ پلەی بەرزیی پێوانەی جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە، ئەمەی خوارەوەش وەڵامی بەرتوێژەکانە.

## خشتەکان و شیکردنەوەی داتاکان

1- تۆرە کۆمەڵایەتییەکان وەك سەکۆی بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونە سیاسییەکان.

خشتەی ژمارە(1)

| برگە | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | دڵنیانیم | | لەگەڵیدا نیم | | هیچ لەگەڵیدا نیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | | |
| تۆرە کۆمەڵایەتییەکان سەکۆی یەکەمی بڵاوکردنەوەی بیروبۆچونە سیاسیەکانن لە هەرێمی کورستاندا. | 9 | 24.3 | 20 | 54.1 | 1 | 2.7 | 6 | 16.2 | 1 | 2.7 | 3.81 | 1.076 |

بە پێی خشتەی ژمارە (1)، بەشێکی زۆر لە بەرتوێژان بە ڕێژەی (24% - زۆر لەگەڵیدام) و (54% - لەگەڵیدام)، پشتگیری لەوە دەکەن کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان سەکۆی یەکەمی بڵاوکردنەوەی بیروبۆچونە سیاسیەکانن لە هەرێمی کورستاندا.

2- تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوکردنەوەی نارەزایەتی لە دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان.

خشتەی ژمارە(2)

| برگە | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | دڵنیانیم | | لەگەڵیدا نیم | | هیچ لەگەڵیدا نیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەکۆی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان وەك ژینگەیەکی لەبار بۆ بڵاوکردنەوەی نارەزایەتی لە دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان. | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | 3.97 | 0.957 |
| | 11 | 29.7 | 19 | 51.4 | 2 | 5.4. | 5 | 13.5 | - | - | | |

داتاکانی خشتەی ژمارە (2) ئەوە روون دەکەنەوە کە بەرتوێژانی راپرسیەکە بە ڕێژەی (29% - زۆر لەگەڵیدام) و (51% - لەگەڵیدام)، پێیان وایە کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ژینگەیەکی لەبارە بۆ بڵاوکردنەوەی نارەزایەتی لە دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان.

● پێك هاتبوون لە هەریەك لە بەریزان:
1- پ. ی. د. رێبەر گۆران مستەفا – پرۆفیسۆری یاریدەدر / زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
2- پ. ی. د. شێرکۆ جەبار محمد – پرۆفیسۆری یاریدەدەر / زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
3- پ. ی. د. هێرش رەسوڵ موراد – پرۆفیسۆری یاریدەدەر / زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
4- پ. ی .د. أحمد حمە غریب – پرۆفیسۆری یاریدەدر / زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی



http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp97-114

3- تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و مانگرتنی مامۆستایان و کارمەندانی هەرێمی کوردستان .

خشتەی ژمارە(3)

| برگە | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | دڵنیا نیم | | لەگەڵیدا نیم | | هیچ لەگەڵیدا نیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | | |
| تۆرە کۆمەڵایەتییەکان پاڵپشتێکی بەهێز بوون بۆ مانگرتنی مامۆستایان و کارمەندانی هەرێمی کوردستان . | 6 | 16.2 | 22 | 59.5 | 1 | 2.7 | 8 | 21.6 | - | - | 3.70 | 0.996 |

لە خشتەی ژمارە (3) ئەوە روون دەبێتەوە کە بەرتوێژان پێیان وایە کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان پاڵپشتێکی بەهێز بوون بۆ مانگرتنی مامۆستایان و کارمەندانی هەرێمی کوردستان، بە ڕێژەی (16% - زۆر لەگەڵیدام) و (59% - لەگەڵیدام) .

4- تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و خۆپیشاندانەکانی هەرێمی کوردستان.

خشتەی ژمارە(4)

| برگە | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | دڵنیا نیم | | لەگەڵیدا نیم | | هیچ لەگەڵیدا نیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | | |
| تۆرە کۆمەڵایەتییەکان پاڵپشتێکی بەهێز بوون بۆ خۆپیشاندانەکانی هەرێمی کوردستان. | 8 | 21.6 | 20 | 54.1 | 2 | 5.4 | 7 | 18.9 | - | - | 3.78 | 1.004 |

خشتەی ژمارە (4) روونی دەکاتەوە کە بەرتوێژانی توێژینەوەکە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بە پاڵپشتێکی بەهێز دەزانن بۆ خۆپیشاندانەکانی هەرێمی کوردستان، ڕێژەکانی (21% - زۆر لەگەڵیدام) و (54% - لەگەڵیدام) جەخت لەم بۆچوونە دەکەنەوە.

5- تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و دوبەرەکی و پشێوی سیاسی لە هەرێمی کورستاندا.

خشتەی ژمارە(5)

| برگە | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | دڵنیا نیم | | لەگەڵیدا نیم | | هیچ لەگەڵیدا نیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | | |
| تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بوەتە سەکۆیەك بۆ نانەوەی دوبەرەکی و پشێوی سیاسی لە هەرێمی کورستاندا. | 8 | 21.6 | 17 | 45.9 | 3 | 8.1 | 8 | 21.6 | 1 | 2.7 | 3.62 | 1.139 |

لە خشتەی ژمارە (5) و داتاکان دەردەکەوێت کە ڕێژەی (21% - زۆر لەگەڵیدام) و (45% - لەگەڵیدام) لە بەرتوێژان پێیان وایە کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە سەکۆیەك بۆ نانەوەی دوبەرەکی و پشێوی سیاسیی لە هەرێمی کورستاندا.



http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp97-114

6- دەسەلاتی سیاسی هەرێم و گۆڕێنی بڕیاری سیاسی و ئیداریی.

خشتەی ژمارە(6)

| بڕگە | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | دڵنیا نیم | | لەگەڵیدا نیم | | هیچ لەگەڵیدا نیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | | |
| دەسەلاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەندێك لە بڕیارە سیاسی و ئیداریەکانی گۆری. | 2 | 5.4 | 15 | 40.5 | 10 | 27 | 9 | 24.3 | 1 | 2.7 | 3.22 | 0.976 |

بە پێی خشتەی سەرەوە و داتاکان، نزیك لە نیوەی بەشدارانی ڕاپرسیەکە بە ڕێژەی (5% - زۆر لەگەڵیدام) و(40% - لەگەڵیدام)، وای دەبینن کە دەسەلاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەندێك لە بڕیارە سیاسی و ئیداریەکانی گۆریوە.

7- تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و توندوتیژی و سوتاندنی بارەگا حزبی و حکومییەکان .

خشتەی ژمارە(7)

| بڕگە | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | دڵنیا نیم | | لەگەڵیدا نیم | | هیچ لەگەڵیدا نیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | | |
| بەهۆی فەزای تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە، هانی توندوتیژی دراو چەند بارەگایەکی حزبی و حکومی سوتێنران. | 2 | 5.4 | 24 | 64.9 | 8 | 21.6 | 3 | 8.1 | - | - | 3.68 | 0.709 |

لە خشتەی ژمارە (7) تدا ئەوە دەردەکەوێت کە بەشێکی زۆر لە بەرتوێژان و بەشدارانی ڕاپرسیەکە پێیان وایە کە بەهۆی فەزای تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە، هانی توندوتیژی دراو چەند بارەگایەکی حزبی و حکومی لە هەرێمی کوردستاندا سوتێنران، بەرێژەی (5% - زۆر لەگەڵیدام) و (64% - لەگەڵیدام) .

8- تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و سەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان .

خشتەی ژمارە(8)

| بڕگە | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | دڵنیا نیم | | لەگەڵیدا نیم | | هیچ لەگەڵیدا نیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | | |
| ئەگەر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان نەبوایە سەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا خێراتر دروست دەبوو. | 3 | 8.1 | 6 | 16.2 | 11 | 29.7 | 15 | 40.5 | 2 | 5.4 | 2.81 | 1.050 |

بە پێی خشتەی ژمارە (8) روون دەبێتەوە کە نزیك لە نیوەی بەشدارانی ڕاپرسیەکە پێیان وانیە کە ئەگەر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان نەبوایە سەقامگیری سیاسیی لەهەرێمی کورستان خێراتر دروست دەبوو، ئەویش بە ڕێژەی (40% - لەگەڵیدانیم) و (5%- هیچ لەگەڵیدا نیم) .


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp97-114

9- بەشداریی سیاسەتمەدارانی هەرێمی کوردستان لە فەزای تۆرە کۆمەڵایەتییەکان.

خشتەی ژمارە(9)

| برگە | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | دڵنیا نیم | | لەگەڵیدا نیم | | هیچ لەگەڵیدا نیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | | |
| بەهۆی کاریگەریی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، سیاسەتمەدارانی هەرێمی کوردستان خۆیان بەشدارن لە فەزای تۆرە کۆمەڵایەتییەکان. | 6 | 16.2 | 21 | 56.8 | 8 | 21.6 | 2 | 5.4 | - | - | 3.84 | 0.764 |

خشتەی ژمارە (9) ئەوە دەخاتە روو کە زیاد لە نیوەی بەشداربووان پێیان وایە کە بەهۆی کاریگەریی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە، سیاسەتمەدارانی هەرێمی کوردستان خۆیان بەشدارن لە فەزای تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا بە رێژەی (16% - زۆ لەگەڵیدام) و (56% - لەگەڵیدام) .

10-کاریگەریی حزبە سیاسیەکان و سەرکردە سیاسیەکان لەسەر خەڵك، بە بەراوورد بە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان.

خشتەی ژمارە(10)

| برگە | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | دڵنیا نیم | | لەگەڵیدا نیم | | هیچ لەگەڵیدا نیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | | |
| لە هەرێمی کوردستاندا، حزبە سیاسیەکان و سەرکردە سیاسیەکان کاریگەریان زیاترە لەسەر خەڵك لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان. | 3 | 8.1 | 13 | 35.1 | 9 | 24.3 | 12 | 32.4 | - | - | 3.19 | 0.995 |

سەبارەت بەوەی کە لە هەرێمی کوردستاندا، حزبە سیاسیەکان و سەرکردە سیاسیەکان کاریگەریان زیاترە لەسەر خەڵك لە فەزای تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، دابەشبوون لە رای سامپڵی توێژینەوەکە هەیە بە رێژەی (8% و 35%) بۆ (زۆر لەگەڵیدام و لەگەڵیدام) و دڵنیا نەبوون بە رێژەی (24%) و لەگەڵ نەبوون بە رێژەی (32%)، وەك لە خشتەی ژمارە (10)دا دیارە.

11- کاریگەریی سەرکردە ئاینییەکان لەسەر خەڵك، بە بەراوورد بە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان.

خشتەی ژمارە(11)

| برگە | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | دڵنیا نیم | | لەگەڵیدا نیم | | هیچ لەگەڵیدا نیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | | |
| لە هەرێمی کوردستاندا، سەرکردە ئاینیەکان کاریگەریان زیاترە لەسەر خەڵك لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان. | 1 | 2.7 | 19 | 51.4 | 11 | 29.7 | 5 | 13.9 | 1 | 2.7 | 3.38 | 0.861 |

خشتەی ژمارە (11) ئەوە دەردەخات کە زیاد لە نیوەی بەرتوێژان بە رێژەی (2% - زۆر لەگەڵیدام) و (51% - لەگەڵیدام)، پێیان وایە کە لە هەرێمی کوردستاندا، سەرکردە ئاینیەکان کاریگەریان زیاترە لەسەر خەڵك لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان.


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp97-114

12-کاریگەریی سەرۆك خێڵەکان لەسەر خەڵك، بەبەراوورد بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

خشتەی ژمارە(12)

| برگە | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | دڵنیا نیم | | لەگەڵیدا نیم | | هیچ لەگەڵیدا نیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | | |
| لە هەرێمی کوردستاندا، سەرۆك خێڵەکان کاریگەریان زیاترە لەسەر خەڵك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. | - | - | 8 | 21.6 | 13 | 35.1 | 15 | 40.5 | 1 | 2.7 | 2.76 | 0.830 |

سەبارەت بەکاریگەریی سەرۆك خێلەکان، نزیك لە نیوەی بەرتوێژان بەرێژەی (40% - لەگەڵیدانیم) و (2% - هیچ لەگەڵیدانیم) پێیان وایە کە کاریگەریان لەسەر خەڵك، کەمترە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

13- وێنای سیاسی کۆمەڵگەی کوردی لە روانگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

خشتەی ژمارە(13)

| برگە | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | دڵنیا نیم | | لەگەڵیدا نیم | | هیچ لەگەڵیدا نیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | | |
| وێنای سیاسی کۆمەڵگەی کوردی لە روانگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، وێنایەکی سەقامگیر و ئارامە. | 1 | 2.7 | 4 | 10.8 | 5 | 13.5 | 21 | 56.8 | 6 | 16.2 | 2.27 | 0.962 |

داتاکانی خشتەی ژمارە (13) ئەوە دەردەخەن، کە بەشێکی زۆر لە بەرتوێژان پێیان وایە کە وێنای سیاسیانەی کۆمەڵگەی کوردی لە روانگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، وێنایەکی سەقامگیر و ئارام نیە، بەرێژەی (56% - لەگەڵیدا نیم) و (16% - هیچ لەگەڵیدا نیم).

14- کاریگەریی سیاسیانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەبەراوورد ئامرازە کۆنباوەکان.

خشتەی ژمارە(14)

| برگە | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | دڵنیا نیم | | لەگەڵیدا نیم | | هیچ لەگەڵیدا نیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی سیاسیانەی زیاترە لە ئامرازە کۆنباوەکانی وەك: رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆن. | 16 | 43.2 | 14 | 37.8 | 5 | 13.5 | 2 | 5.4 | - | - | 4.19 | 0.877 |

لە خشتەی ژمارە (14) روون دەبێتەوە کە بەشێکی زۆر لە بەرتوێژان پێیان وایە، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی سیاسیانەی زیاترە لە ئامرازە کۆنباوەکانی وەك: رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆن، بە رێژەی (43% - زۆر لەگەڵیدام) و (37% - لەگەڵیدام).


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp97-114

15- داهاتوودا رۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر گۆرانگاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

خشتەی ژمارە(15)

| بڕگە | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | دڵنیا نیم | | لەگەڵیدا نیم | | هیچ لەگەڵیدا نیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | | |
| لە داهاتوودا رۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر گۆرانگاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا کەمتر دەبێتەوە . | 2 | 5.4 | 4 | 10.8 | 17 | 45.9 | 11 | 29.7 | 3 | 8.1 | 2.76 | 0.995 |

بە پێی ئەم خشتەیە نزیك لە نیوەی بەرتوێژان بەرێژەی نزیك لە (46%)، دڵنیا نین لەوەی کە لە داهاتوودا رۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر گۆرانکاریی سیاسی لە هەرێمی کورستاندا کەمتر ببێتەوە.

## زانیاریە دیموگرافیەکان

خشتەی ژمارە (16)

| زانیاریە دیموگرافیەکان | | دوبارە | رێژەی سەدی | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| رەگەز | مێ | 12 | 32.4 | 2 |
| | نێر | 25 | 67.6 | 1 |
| کۆ | | 37 | 100 | |
| تەمەن | کەمتر لە 25 ساڵ | - | - | |
| | 26- 35 ساڵ | 4 | 10.8 | 3 |
| | 36- 45 ساڵ | 17 | 45.9 | 1 |
| | 46 و زیاتر | 16 | 43.2 | 2 |
| کۆ | | 37 | 100 | |
| بروانامە | ماستەر | 21 | 56.8 | 1 |
| | دکتۆرا | 16 | 43.2 | 2 |
| کۆ | | 37 | 100 | |
| زانکۆ | پۆلیتەکنیکی سلێمانی | 19 | 51.4 | 1 |
| | سلێمانی | 18 | 48.6 | 2 |
| کۆ | | 37 | 100 | |
| نازناوی زانستی | مامۆستای یاریدەدەر | 12 | 32.4 | 2 |
| | مامۆستا | 13 | 35.1 | 1 |
| | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 12 | 32.4 | 2 دوبارە |
| | پرۆفیسۆر | - | - | |
| کۆ | | 37 | 100 | |

خشتەی ژمارە (16) تایبەت بە زانیاریە دیۆگرافیەکان روونی دەکاتەوە، کە رێژەی (32.4%) بەرتوێژان لە رەگەزی (مێ) ن و رێژەی (67.6%) لە رەگەزی (نێر)ن، سەبارەت بە تەمەنی بەشداربوانی راپرسیەکە، رێژەی (10.8%) تەمەنیان لە نێوان (26- 35) ساڵە و رێژەی (45.9) تەمەنیان لە نێوان ( 36- 45) ساڵ و تەمەنی (46 و زیاتر) رێژەی (43.2%) بەرکەوتووە.


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp97-114

هەروەها ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی (ماستەر)ن ڕێژەیان (56.8%) و هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا ڕێژەیان ( 43.2%)، سەبارەت بە هەردوو زانکۆ ڕێژەی (51.4%) لە زانکۆی (پۆلیتەکنیکی سلێمانی)ن و ڕێژەی (48.6%) لە (زانکۆی سلێمانی)ن. و نازناوی زانستی بەشداربوانیش دابەش بووە بۆ (32.4%) بۆ (مامۆستای یاریدەدر) و (35.1%) مامۆستا و ڕێژەی (32.4%) پرۆفیسۆری یاریدەدر.

## ئه نجامەکان

1- بەشێکی زۆر لە بەرتوێژان بە ڕێژەی پشتگیری لەوە دەکەن کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان سەکۆی یەکەمی بڵاوکردنەوەی بیروبۆچونە سیاسیەکانن لە هەرێمی کوردستاندا.

2- بەرتوێژانی ڕاپرسیەکە پێیان وایە کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ژینگەیەکی لەبارە بۆ بڵاوکردنەوەی نارەزایەتی لە دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان.

3- بەرتوێژان پێیان وایە، کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان پاڵپشتێکی بەهێز بوون بۆ مانگرتنی مامۆستایان و کارمەندانی هەرێمی کوردستان.

4- بەرتوێژانی توێژینەوەکە پێیان وایە، تۆرە کۆمەڵایەتییەکانیان بە پاڵپشتێکی بەهێز داناوە بۆ خۆپیشاندانەکانی هەرێمی کوردستان.

5- بەشداربوانی ڕاپرسیەکە پێیان وایە کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە سەکۆیەك بۆ نانەوەی دوبەرەکی و پشێوی سیاسیی لە هەرێمی کورستاندا.

6- نزیك لە نیوەی بەشدارانی ڕاپرسیەکە وای دەبینن کە دەسەلاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەندێك لە بڕیارە سیاسی و ئیداریەکانی گۆڕیوە.

7- بەشێکی زۆر لە بەرتوێژان و بەشدارانی ڕاپرسیەکە پێیان وایە کە بەهۆی فەزای تۆرە کۆمەڵایەتیەکانەوە، هانی توندوتیژی دراو چەند بارەگایەکی حزبی و حکومیی لە هەرێمی کوردستاندا سوتێنران.

8- نزیك لە نیوەی بەشدارانی ڕاپرسیەکە پێیان وانیە لە ئەگەری نەبوونی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، سەقامگیری سیاسیی لەهەرێمی کورستان خێراتر دروست ببێت.

9- زیاد لە نیوەی بەشداربووان پێیان وایە کە سیاسەتمەدارانی هەرێمی کوردستان خۆیان بەشدارن لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا و ئەمەش بۆ کاریگەریی ئەم فەزایە دەگەڕێتەوە.

10- دابەشبوون لە ڕای بەرتوێژان هەیە سەبارەت بەوەی سەبارەت بەوەی کە، حزبە سیاسیەکان و سەرکردە سیاسیەکان کاریگەرییان زیاترە لەسەر خەڵك، لە فەزای تۆرە کۆمەڵایەتییەکان.

11- زیاد لە نیوەی بەرتوێژان، پێیان وایە کە سەرکردە ئاینییەکان کاریگەرییان زیاترە لەسەر خەڵك لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان.

12- نزیك لە نیوەی بەرتوێژان پێیان وایە کە کاریگەریی سەرۆك خێڵەکان، کاریگەریان لەسەر خەڵك کەمترە، لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان.

13- بەشێکی زۆر لە بەرتوێژان پێیان وایە کە وێنای سیاسیانەی کۆمەڵگەی کوردیی لە ڕوانگەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە، سەقامگیر و ئارام نیە.

14- بەشێکی زۆر لە بەرتوێژان پێیان وایە، کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی سیاسیانەیان زیاترە لە ئامرازە کۆنباوەکانی وەك: ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن.

15- دڵنیا نەبوون لای نزیك لە نیوەی بەرتوێژان هەیە، بەوەی لە داهاتوودا ڕۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر گۆڕانکاریی سیاسی لە هەرێمی کورستاندا کەمتر ببێتەوە.

## پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

1- حزب و لایەنە سیاسییەکان دەرکی زیاتر بە بایەخ و گرنگی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بکەن، لە ئاراستەکردنی هاوڵاتیان و جێبەجێکردنی بەرنامە سیاسییەکانیاندا.

2- ناوەندە زانستیەکان و زانکۆکان و توێژەران توێژینەوەی قوڵتر و زیاتر لەسەر ڕۆڵ و کاریگەریی میدیای نوێ و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام بدەن، لەسەر توێژ و چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگە.

3- توێژینەوەی تایبەت بە ناوەرۆکی گوتاری میدیایی کەناڵە میدیاییە سیاسییەکان ئەنجام بدرێت لە هەرێمی کوردستاندا.

4- بەڵێننامەیەك بۆ پرنسیب و ئەخلاقیاتی تایبەت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی فەزای تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان حزبە سیاسیەکاندا بنوسرێتەوە.

5- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لە سەر کاریگەرییەکانی هەریەك لە فەیسبووك و تویتەر و یوتیوب لەسەر فەزای سیاسی هەرێمی کوردستان.


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp97-114

## سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان:**

1- بەهرۆز عەلی رەسوڵ، معالجة الصحافة العراقية لقضية الاصلاح السياسي، رسالة ماجستير، معهد البحوث و الدراسات العربية، القاهرة، 2012 .

2- رێبەر گۆران تاڵەبانی و یەحیا عومەر رێشاوی، میدیای نوێ لە سایەی شۆرشی زانیاریەکاندا، تۆری ئەکادیمیا و دیالۆگی میدیا، سلێمانی، 2020.

3- شێرکۆ جبار محمد، مامەڵەی سۆشیاڵ مێدیای کەناڵە ئاسمانیەکان لە رووماڵکردنی پرسە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، 2020.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان:**

4- أحمد بدر، الإعلام الدولى ـ دراسات فى الاتصال و الدعاية الدولية (القاهرة: دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الرابعة، 1998) ص 58

5- باديس لونيس، الاعلام الجديد و الهوية – دراسة في جدلية العلاقة و التأثير – مجلة العلوم الإنسانية و الاجتماعية، العدد 31، 2014.

6- حسنين شفيق، الإعلام التفاعلي وما بعد التفاعلية (القاهرة: دار فن للطباعة والنشر والتوزيع، 2010).

7- دور وسائل الإعلام و الاتصال الجديدة في التغيير السياسي، رسالة ماجستير، جامعة العربي بن مهيدي، الجزائر، 2015.

8- رحيمة الطيب عيساني، الصراع و التكامل بين الاعلام الجديد و الاعلام التقليدي، مجلة الباحث الإعلامي، بغداد، العدد 20 ، 2013.

9- رضا عبدالجواد أمين، استخدام الشباب الجامعي لموقع يوتيوب على شبكة الإنترنت (المنامة: جامعة البحرين - أبحاث المؤتمر الدولي؛ الإعلام الجديد تكنولوجيا جديدة لعالم جديد – 7-9 أبريل 2009).

10- ريبه ر كوران مصطفى، (تأثير الشبكات الاجتماعية التفاعلية بالإنترنت على المستوى المعرفي بالبرامج الانتخابية لدى الشباب العراقي)، أطروحة دكتوراه غير منشورة، (القاهرة: معهد البحوث والدراسات العربية – قسم البحوث والدراسات الإعلامية، 2013م).

11- سميرة الشيخاني، الإعلام الجديد في عصر المعلومات (دمشق: جامعة دمشق، مجلة جامعة دمشق، المجلد 26 العددان الأول والثاني، 2010).

12- صابر فلحوط – محمد البخارى، العولمة والتبادل الإعلامى الدولى (دمشق: دار علاء الدين، الطبعة الأولى، 1999)

13- فهد بن عبدالرحمن الشميري، الإعلام الجديد (الرياض: مكتبة الملك فهد الوطنية، الطبعة الأولى، 2010).

14- فهد عبد العزيز الدعيج، الأمن والإعلام فى الدولة الإسلامية (الرياض: المركز العربى للدراسات الأمنية والتدريب، 1986) ص 230

15- ل.جون. مارتن و أنجوجروفرشودرى، نظم الاعلام المقارنة، ترجمه: على درويش (القاهره: الدار الدوليه للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى)

16- محمد بن سعود البشر، مقدمه فى الاتصال السياسى (الرياض: مكتبه العبيكان، الطبعة الأولى، 1997)

17- مصعب عبدالقادر وداعه الله، منهجيه الإعلام وأثرها على النظم السياسية و علاقاتها الخارجية (مجله أفكار جديده، مجلة فصليه تصدرعن هيئه الأعمال الفكرية، السودان، العدد7، سبتمبر2003)

18- وليام.أ.بورنر، أبر وسائل الاتصال الجماهيرى على اتخاذ القرارات الخاصة بالسياسة الخارجية، وسائل الاتصال الجماهيرى والتفاهم الدولى (سلسله كتب مترجمه 709، وزارة الإعلام، هيئه الاستعلامات، مصر)

19- ياسر على عثمان، الدعاية السياسية ـ أساليبها و وسائلها (رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة أم درمان، كلية الإعلام، 2003)



http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp97-114